# ژیانی لادێ



ژینی لادێ سەیرانە

گەرچی تۆزێک گرانە

ڕۆژی نەورۆز سەری ساڵ

دەکەونە ئیش کوڕ و کاڵ

یا جووت یا جۆگە هێنان

بۆ ئاوداشتن دەغڵودان

یا داربڕینی شاخە

یاخۆ پەرژینی باخە

یا تووتنە یا درەو

ناوەستن بە ڕۆژ و شەو


Copyright © Kurdi.fi

یا گێڕە یان شەنکردن

هەڵمەت بۆ فرمان بردن

فەرقی نیە نێر و مێ

هەرچی دانیشتوون لە دێ

گشت خەریکی فرمانن

بۆ دەسهێنانی نانن

تا تەواو ئەبێت هاوین

تێدەکۆشن زۆر بە تین

قانع



Copyright © Kurdi.fi



* ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان

لادێ: گوند، دێ
ئاوداشتن: ئاڤدان
درەو: دوورینی، دروێنەکردن
دەغلودان: دانەوێڵە
شاخ: کەژ، چیا، کێو
شەن: هەڵاڤیتن، دان بەباکردن
خەریک: مژوول
گشت: هەموو

هەڵمەت: پەلامار، شاڵاو
تێدەکۆشن: خەباتێ دکەن
جووت: 1. کێڵانی زەوی 2. بەرانبەری تاک، جفت
فرمان: کار، ئیش
پەرژین: چیل، شورە یان دیواری لە دڕکودرو - دروستکراو
گێرە: وردکردنی دەغلودان بە پێلێنان و شێلانی - حەیوانات

---

* پرسیار

هەڵبەستەکە بخوێنەوە و وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

1. بۆچی ژیانی لادێ گرانە؟ ............

............

............

2. ناوی چەندانە ئیش‌وکاری خەڵکی لادێ بنووسە؟ ............

............

............

3. لادێییەکان زۆربەی ژیانی ڕۆژانەیان چۆن تێپەڕ ئەکەن؟ ............

............

---

* ڕاهێنان:

لە ژێر وەڵامی درووست خەتێک بکێشە:



1. ئێمە ئێستا لە ( لادێ / شار ) دەژین.
2. جوتیار (گێرە / درووما ن ) دەکات.


Copyright © Kurdi.fi

❊ ئەو ڕستانەی خوارەوە بە خەتێک پێک بگەیەنە:

| | |
|---|---|
| ژیانی لادێ | تێدەکۆشن زۆر بە تین |
| ڕۆژی نەورۆز سەری ساڵ | بۆ ئاوداشتنی دەغڵودان |
| تا تەواو دەبێت هاوین | سەیرانە |
| جووت و جۆگە هێنان | دەکەونە ئیش کوڕ و کاڵ |



❊ هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەکدا بەکار بهێنە:

ژیان ..........

سەیران ..........

شاخ ..........

جوتیار ..........

نەورۆز ..........

❊ هەر کام لەم وشانەی خوارەوە جارێک بخوێنەوە و سێ جاریان بنووسەوە:

گێرە ..........

شەن ..........

لادێ ..........

دەغڵودان ..........

پەرژین ..........

هەڵمەت ..........

تێکۆشان ..........

Copyright © Kurdi.fi